# ( وڵامێك بۆ كاك نەریمان عومەر لەسەر پەیامەكەی بۆ كاك حسێن ی سمایل خانی دەلۆ)

## شێركۆ زەنگەنە

لە ماڵپەڕی دەنگەكان بابەتێكم خویندەوە لە ژێر ناوی ( پەیامێك بۆ گەلی كورد تكایە ) كە نوسەرەكەی ناناسم بۆیە بەوەم زانی كە ناوێكی خواستراو بێت لێرەدا دەمەوێت بە كورتی وڵامیك بۆ ئەو بەرێزەی كە ناوی خۆی ناوە ( نەریمان عومەر ) بەم خاڵانەی خوارەوە بدەمەوە :

1) بەرێز جەنابت ناوی گۆرانی بێژێكت كردووەتە ناز ناو بۆ ئەوەی لە تاریكیەوە تفەنگ بە خاوەن قەڵەمێكی خەڵكی ناوچەكەی خۆتەوە بنێت دەبوایە ناوی راستەقینەی خۆت بنوسایە تاكو ئێمە بمانزانایە جەنابت لەو ئاستەدای قسە بەكاك حسێن دەڵێت یان نا ؟ .... دوای دوو مانگ لە بلاو بوونەوەی نوسینەكەی كاك حسێن جەنابت رەخنەت گرتووە لە پاڵ ئەوەشەوە بە حیساب دەتەوێ سومعەی لەكەدار بكەی كە دەكرێ بڵێم ئەمە گاڵ دراوی بۆ ئەوەی وا پەلاماری بدەی ، پێناچێت ئەمە كاری یەكەم پەلاماردانت بێت بۆ رۆشنبیران ، ئەگەر حەزدەكەی دەركەوی بەم قەپاڵ گرتنەت دوا دەكەویت.... بە هەرحاڵ .

2) لە سالآنی دوای 1980 (كاك حسێن) لە قوتابخانەی ( مكاسب ) كە ئێستا نازانم چی ناوە؟ قوتابی بوو لەو سەردەمەدا كۆمەڵێك گەنجی خوێن گەرم بوون حەزیان بەكوردایەتیەوە بوو من ئاگادارم پەیوەندیان بە كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە هەبوو كە بەداخەوە لەو هاوڕیانە (هەڵكەوت ئەحمەد غێدان ) شەهید بوو ئەوانی ترماون شاهید لە سەر قسەكانم ، چەندین چالاكیان ئەنجامدا لە شاری كفریدا تەنانەت تێكدانی وێنەی سەدام لە بەردەم مالی( عەلی قەدەو)بە دەستی ئەوان بوو وە نوسین و هەڵواسینی پۆستەری شەهیدان لە ناو قوتابخانەی مەكاسب و چەند شوێنێكی شاری كفری بەدەستی ئەوان بوو ، ناوبراو بەعسی نەبوو چەندین جار بانگ دەكرایە ئیدارە ئیهانە دەكرا بۆ ئەوەی ببێتە بەعسی ، تەنات لە سالی 1985 ویستی هانی قوتابیان بدات مان بگرن لەگەڵ من و چەند برادەرێك قسەی كرد بەڵام ئەمنی كفری پێیانزانی گرتیان تاكو ئەو كارە ئەنجام نەدات ، هەر بەو بۆنەیەوە لە پۆلی شەشی زانستی بووین (122) قوتابی بووین تەنها ئەویان داخل بەكالۆریا نەكرد لەبەر هەڵویستی جوامێرانەی ئەگینا لە بەشێك لە قوتابیان زیرەك تر بوو ، لە دوای تەواو كردنی پۆلی شەش لە مەعهدی كەركوك بوو لەبەر ئەوەی جیش شەعبی نەكرد دووساڵ فەسڵیان كرد ، كاك حسێن من مەعدەنەكەی دەناسم لەهەر كوێ بێت لە هەر سەنگەرێكدا بێت چاوەڕوانی شتی باش و ئیرادەی خێری لێدەكرێت چونكە لە نەوەی( برایم خانی دەلۆیە ) و كە بە شانازیەوە دەڵێم كە من دەلۆش نیم مێژوویەكی بۆ شاری كفری و گەرمیان و كورد تۆمار كردووە ، خۆیشی هەر لە قوتابخانە بووین توانایەكی باشم تێیدا بەدی ئەكرد ، ئێستا زۆر خۆشحاڵم كە خاوەن قەڵەمێكی ئەوا بوێر و جوان دەنوسێ .

3) لە ئەنفالدا زیاتر لە دوو هەزار كەسیان رزگار كرد بۆیە جەنابت ناوی راستەقینەی خۆت نانوسیت نەوەك شەرمەزار بیت و خزمەكانت ئەوان دەریان كردبێت .

4) من قسە كردن لە سەر وڵامدانەوەی لە سەر بابەتی ( پێویستە بایەخ بە مێژووی كورد بدەین ) بۆ خۆی جێدێڵم چونكە ئەوەی من ئاگام لێبێت پێرارەكە لە مەرحەلەی سێی بەشی مێژووی كۆلیجی ئاداب زانكۆی سەلاحدین بوو دووەمی سەر بەشەكەیان بوو حەتمەن ئێستا تەواوی كردووە بە نمرەیەكی باش.

5) لە كوتایدا دەڵێم ئەوانەی لە ئاوی لێخندا مەلە دەكەن مایە پوچ و رەنج بە خەسار دەر دەچن كان (نەریمان عومەر) ئاسای ، ببورن لە گەڵ گورانیبێژەكەم نیە بەڵكو بەوە دەڵێم كە بە بەدرێك دوو پاساری دەكوژێت یەك تەقە لە كاك حسێن دەكات دووش ناوی گورانیبێژێكی خۆشەویست ناشرین دەكات

.

**سويد**13- 5-2007